# گوتاریٚ بەر لە وادە..
# یاران یاوەران، خەمخۆرانی هونەر و هونەرمەندان.

ئەحمەد سالار



لەبۆنەیەکی ئاوادا،دەگمەن و دانسقە و نازدار لەژیانی شانۆکار و نووسەریٚکی کوردا، چی دروست و ڕەوایە بگوتریٚ؟
دیارە سوپاس و پیٚزانین سەرتۆپی گوتارەکەیە،کە هەستیٚکی پاکژ و باڵا،پاداشتی ئەو کۆششەی کە سەراپای تەمەنم تیادا قوربانی شانۆ کردووە، ئەو شانۆیەی ژیان بایەخدارتر و مەزنتر و گەشاوەتر دەکات، بەڵکو واتاکەی پڕ واتاتر دەکات و هەمیشە خەمی گەورەی لەئەستۆنراوی،تەکان و گۆڕانە و، دڕدانە بەشەوەزەنگ و بیرە مەییوو بەستەڵۆکەکان و، بەڵکو هەڵگیرسانی ئەو شۆڕشەیە کەمایەی سەرفرازی گەل و شکۆمەندی مرۆڤە.

سوپاس بۆ پەروەردگار کەسەراپای شانۆییەکانم ڕووگەش و ڕووسوریان کردووم لەدەرباری خودا و خەڵك و خاکدا.

سوپاس بۆ ئەو گەواهە زیندووانەی، کەبۆ تەنها ساتیٚك لەخەمی هەمووان تەریك و بیٚلایەن نەبووە. هەبوونی ئەم پەیکەرەی کە زادەی هونەری هونەرمەندی زرنگ کاکە(چیٚنەر نزار)ەو بەسەرپەرشتی مامۆستای هونەرمەند(د. ئازاد جەمال)ە.

ئەوە ئەو چاودیٚرەیە کەتا دوامالٔئاوایی چاوی لەهەنگاوەکانمە، نەبادا،خوانەخواستە، پەیام و ئەرکە پیرۆزەکەی شانۆ بزر بکەم،کەواتە چاودیٚرمە بۆ سەر ڕاستی و دەست پاکی و بەردەوام هەڵکشان، نەك ڕۆچوون و لەدەست دا.

کەواتە حەز و ئارەزووی هەڵچووی هونەرمەندی پەیکەرساز لەتەك ئەو هەموو جەختکردن و ئیستەرەم و کۆڵنەدانەدا، ئەو مەبەست و فەلسەفەیەی بەئاگابوونی منی پیٚوەیە، دەنا بۆچی پەیکەر بۆ ئەحمەد سالاری شانۆڤان دەکریٚ کەنە لەزەین و نە لەهزر و نەلە خەون و خەیاڵیشیدا نەبووە، بەڵام جەربەزانە و ژیرانە قایلی کردم، دیارە ئەو هونەرمەندەش وەك سەرجەم هونەرمەندانی وڵاتەکەمدا ئەو وڵاتەی وەك گۆران واتەنی پتر لە نیوسەدە لەمەوبەر: (تازە هەنگاو بەرەو ئەو ژیانە هەڵدەهیٚنیٚتەوە).

ئەم هونەرمەندە بیٚباکە تووشی چەرمەسەری و بگرە و بەردە و ڕەتاندن و سەرەگیٚژەی کیٚشمەکیٚش و ڕەنجاندنیٚك

بـــوو هەتـــا بـــەدەردی ئەشـــکەنجەدان چوو،بەڕادەیەك کەسێکی خۆپاراستووی هێدی دووره هەڵچـــوون و گرژبوون ببمە حســـێن عارف واتەنی ( کلاٌفەیەك ژانی تووڕە)، **بۆیە دەنگە شانۆییە ناسراوەکەم،ئەو دەنگەی کە نیو سەدەیە هۆڵە هەژارەکانی کوردســـتانی پێ دەهەژاند،بەڕووی ئەو جووتە بەڕێزەی (بەڕێز سەرۆکی شارەوانی سلێمانی و بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی شـــارەوانی ســـلێمانی) بڵێم: جووتە برا سوپاســـتان دەکـــەم بۆ ئەو پەرۆشـــی و بەتەنگەوەهاتنەی پـــرۆژەی پەیکەرەکەم کە نواندتان،بم بەخشـــن ناوم نەهێنان نەك خوانەخواســـتە ناوزڕاندنی پێوە بێت بۆیە بەناوی ئەســـکەمل و کورسی و مەقامە باڵاکانتانەوە ئاماژەم بۆ کردوون،ســـوپاس کەلەشارەکەی خۆمدا تەنها ( یەك مەتر دووجاتان) پێ ڕەوا نەبینیم!!، خۆنەبێگانە بـــووم و نەگومان لێکراو و نەنەناســـرا و (عەزیزی کوللی عالەم بووم..)**

کەوتمە سەر خولیا و کەڵکەڵەی چوونە ناو جەنجاڵی خەمی پەیکەرسـازەکەوە گووتـــم : بـــا کەمێك بـــاری گرانی خەمی ســـووك کەم، **هەستام و پتر لە ٢٠ جـــار زەنگم بۆ ڕێزدار ســـەرۆکی شـــارەوانی لێدا و تەنانەت مەسیجیشم بۆ نـــارد بەڵام کپ و کڕ بـــوو! وەرام نەبوو! لەدڵی خۆمدا سوپاســـی خودام کردوو گووتم:بەس نەبوو ئەوە مۆبایلی بەرپرســـی ئاگرکوژانەوە یان پۆلیسی فریاکەوتن و چارەســـەری کت و پڕی نەبوو .**

ناچـــار زەنگم بۆ ڕێزدار ســـەرۆکی ئەنجوومەنی شارەوانی لێدا، ماڵی ئاوا بەڵێی کرد و خۆم پێناساند، بەڵام ( داخ لەبەڵام،بریا بەڵام نەبووایە)هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم دەنگی گۆڕا کپ بوو، ئەم ســـەر و ئەوسەری بەپیت و وشەکان دەکرد(خۆم مامۆستای زانستی دەنگ و ئاخافتـــم، چاك لەنەبـــرە یان کپی و بنە وشـــە دەزانم)، زانیم ئەوقە و واقی وڕماوە بۆیە گوڕی دایە خۆی و زەنگە دەنگی ڕوون کردەوە و پاســـاوی دەنگ دانی ئەنجوومەنی بەڕووما هاوێشـــت، ئەمیش هەرچۆن یارۆی ڕۆشـــنبیری سلێمانی بۆخواستی بەردەم ئەو تەلاری هونەرەی، کەلەلای من و هونەرمەندان تەلاری هونەر نییە، هەرچۆن بەهەمان شـــێوە لیژنە و میژنەی هێنایەوە بەڵام زانیم ئەو شـــوێن خواستەی من کرا بە (لۆقەنتە و مۆقەنتە) .

پاش چەند مانگێـــك لە هاتوچۆی مەکۆئاسای جۆلایاندا نوقمی گێژاوی ( شیردا بۆ داپیردا..)

ئـــاکام ئەوەمان لەهەڵوێســـتەکانیان چنییەوە، کە بەزمانی شـــانۆیی پێی دەگووتـــرێ( ڕســـتەی مەبەســـت) یان(ســـەرەتانی)، واتـــە فەلســـەفە و پوختەکـــەی ئەمە بـــوو: ( پەیکەری کەرەکـــەی باخچـــەی حەزرەتی نالی هەزار و یـــەك تەنگ و چەڵەمەی بۆ درووست کردووین و سەری دونیای وەك چەرمە چۆلەکـــە لێهێناوینەتەوە یەك) بەڵام ئێستا ئەزیزانم چی بەحاڵتان بێت لەنێرەکەرێکەوە بوو بەجووتێك..!!!؟؟؟

لەگـــەڵ ڕێـــز و شـــانازیما بۆ ئەو هونەرمەندە (زیـــرەك میرە) کە خودی خۆم جگە لەخۆشەویستی سەرسامم بە هونەرەکەی.

ئەمانە خســـتمییە چەقی مەراق و غایلە و سەربێنە و سەربەرەوە، دەمگووت یاران ( عەزیز نەسین و ئەنتیوان چێخەف و گۆگۆڵ ) لەکوێ بێنم؟!

نـــاو بەناوێکیش گـــۆران و دەروێش عەبدواللـــە کلۆڵەکەیـــم بەدەنگـــە پڕ خرۆشەکەی دیلان بەرگوێ دەکەوت.

هەر لێشـــاوی ئەم غایلانە خستمییە سەر هەوڵی زانینی ئایە ئەم پەتایە بۆ شوێنەکانی تریش تەشەنەی کردووە، **بەدڵە ڕاوکێوە زەنگم بۆ بەرپرســـێك لەهەولێری پایتەختـــم لێدا کە بەری ســـی ســـاڵێك قوتابیم بوو، هەر کە بیرۆکەی پەیکەرەکەم بەگوێدا دا بەبێ سێ و دوو فەرمووی: ئای کە کارێکی دروستە، ئەمە خزمەتە نـــەك تەنها بـــۆ هونەرمەنـــد بەڵکو بۆ ڕازاندنەوەی پایتەختەکەمان، لەکام پارك و لەکام گۆڕەپان دەخوازی بفەرموو..**

**ئاهێکی ســـەر فرازیم پیـــادا هاتەوە و بەرچاوانم ڕوون بوویەوە و ووتم: ســـوپاس بۆ خوا ئەو خڵتەی جەڕەتاوەی ڕۆژە چارە گرانەکان بەسەرچوو.**

لەخۆمم پرسییەوە من گشت بستێکی کوردســـتانی لام وەك یەکە،هەرهەمووی پیرۆزە و خاکی منە و بە قوربانی دەبم،بەڵام بۆ ئەم گواســـتنەوەیە لەســـلێمانییەوە بۆ هەولێری پایتەخت چەشـــنەها پرسیار و تیـــادا ڕامانی لێوە دەکەوێتەوە و دووریش نییە لەســـەر زاری کەســـانێکیش ببێتە( بنێشتە خۆشە) کەبۆ ئەم بارودۆخە گران دەکەوێتـــەوە و نامەوێت ببێتە چەلەحانی و وەت وەتە.

پێویستە بۆ خودا بڵێم ئەم نموونە دزێوە شێوازەی لەلای شارەوانی سلێمانی بینیم نابێتـــە ناوزڕاندنی دەزگا حکومییەکانی دیکەی شـــار، زۆر بـــە پێچەوانەوە هەر کاتێـــك هونەرمەندێـــك کاری کەوتبێتە هەر شـــوێنێکیان چ لە لایـــەن ڕێزداران (پارێزگارەکان و یان شـــوێنانی دیکە ) قەدریان کردوون و خۆشەویستییان کردووە بەسینەیانەوە، خوا چاکەیان باتەوە.

وادەی ئەوە هاتووە بپرسیێ: بۆچی ئەم ووتارە بەر لەوادەیە یان ناوەختە ؟

من بەش بەحاڵی خۆم ئەم پرســـیارانەم لەخـــۆم کرد؟بۆچی بەر لـــەوادەی پەردە لادان لەسەر ئەو پەیکەرەی کە هێشتاوەکو بستۆکەیەك زەوی نییە لەسەری ڕاوەستێ، بەبێ باڵ هەر بەحەواوەیە!

تـــۆ بـــڕوات بەدرووســـتی گووتاری نووســـراوە نەبووە،دەتگووت نوسراوە دەبێتە ڕێگر لەنێوانی گووتار بێژ و جەماوەردا!

باشە تۆ شـــانۆکاریت هەرخۆت نەبوو دەتگووت : زمانی شـــانۆکەم ڕەوانتر و جوانتر و دەربڕتر و کاریگەرترە؟ ئەی بۆ بەشانۆیی نەتنووسی ؟

تەنها و تەنها وەرامی دوایین پرســـیار دەدەمەوە: **دەڵێم سوپاستان دەکەم بەڕێزینە کەرەسەی بابەتێکی زۆر بەپێزتان خەڵات کردم، ئیلهام بەخشم بوون،خستمتانە سەر کەڵکەڵەی نووســـینی باشترین شانۆیی گاڵتەجار ئامێز.**

ئێوەش بۆتان هەیە قاقای خۆتان لێبدەن لەتەك قاقا لێدانی هەمووماندا، بەخۆڕایی نەبووە یەزدانی مەزن لەتەك هۆش و ئەو گشـــت تواناییانەدا کە بەمرۆڤی بەخشیوە پێکەنینیی خـــەڵات کردووە کـــە تەنها مرۆڤ دەتوانێ پێبکەنێ، کاتی خۆیەتی ئافەرین لە (بریجسۆن) بکەم بۆ خۆی و ( فەلسەفەی پێکەنین).

ئازیـــزان ئەمـــە هەناســـەیەك بوو لەو هەناســـە حەســـرەتییانەی لەســـینە داخ کراوەکەی ئەم شانۆکارەوە هاتۆتە دەر، کە خودا شایەت لەم دونیایەدا جگە لە هونەر و خۆشەویستی هیچی دیکە شك نابات.

**٢٠١٢/٧/١٠ هەولێر**

# بەهۆی نەبوونـ



سەرەتا حەزمان کرد ڕاشکاوانە ڕای خۆیمان پێ بڵێ سەبارەت بە دۆبلاژکردنی زنجیرە بیانییەکان، لەوەڵامدا وتی: ڕاستە دۆبلاژکردن کارێکی قورسە و جۆرێکیشە لەهونەر، بەڵام من هەتا ئێستا لەگەڵیدا نیم، چونکە ئێمە جارێ پێویستمان بەوەیە کە کار بۆ درامای کوردی بکەین، درامای کوردی پێویستی بەو کادر و هونەرمەندانەیە کە هەموویان سەرقاڵی دۆبلاژن، ڕاستە ئەوان ئازادن، بەڵام پێویستە ئەو وزە و پارەیە بۆ درامای کوردی بێت، ئەو بودجەیەی بۆ دۆبلاژکردنی درامایەك سەرف دەکرێت پێویستە درامایەکی کوردی پێ بەرهەم بهێنرێت، چونکە ئێمەش خاوەنی کلتوور و ڕەسەنایەتی خۆمانین و دەبێ کار بۆ ناساندنی بکەین نەك وڵاتێکی تر بناسێنین.

نەرمین هەروەها دەڵێ: بینەر پێویستی بەدراما و کاری باش هەیە، بەداخەوە لەتیڤیەکانی خۆماندا ئەوە نییە، کارە باشەکان لەچەند کارێکی کەم تێپەڕ ناکەن، بۆیە زۆر جار بینەر ناچارە سەیری زنجیرە دۆبلاژکراوەکان بکات.

سەبارەت بەوەی چۆن لەکۆپی کردن مافی گۆرانیبێژ پێشێل دەکرێ، ئایا بەو شێوەیەش دۆبلاژکردن مافی ئەکتەرەکانی پێشێل دەکات، نەرمین دەڵێ: نەخێر ئەمە تا ڕادەیەك جیاوازە، چونکە دۆبلاژکردن بە ڕەزامەندی ئەکتەرەکە خۆیەتی و کەس بەزۆر پێی ناکات یان ناچاری ناکات ئەم کارە بکات، بەڵکو

**ئێمە جارێ پێویستمان بەوەیە کە کار بۆ درامای کوردی بکەین، درامای کوردی پێویستی بەو کادر و هونەرمەنددانەیە کە هەموویان سەرقاڵی دۆبلاژن**

## نەرمین کاوانی:

# ــــــــی کاری باش خەریک بوو کاری دۆبلاژ بکەم

■ یەکێکــە لەو خانمە ئەکتەرانەی کە لەکاتی نواندندا بەجۆرێك ئاوێتەی ڕۆڵەکەی و بەجۆرێك ڕۆڵەکەی دەبینێت کە لەهەموو لایەکەوە سەرکەوتوو بێت و پەیامی خۆی زۆر بەباشی بەجەماوەر دەگەیەنێت، نەخاسمە لەو ڕۆڵانەی جۆرئەتێکی زۆریان تێدایە، چونکە نەرمین کاوانی بەو ڕۆڵانەی گێڕاویەتی توانیویەتی ڕچەیەك بشکێنی کە لەهونەری کوردیدا تا ڕاددەیەکی زۆر نەبینراوە، لەم دیمانەیە کورتەدا نەرمین باس لەو زنجیرە دۆبلاژکراوانە دەکات کە ئێستا لەچەندین شاشەی سەتەلایتە کوردیەکان پێشکەش دەکرێن.■


لەبەرامبەر بۆندێك ئــەو کارە دەکات کە ئەمەش مافی خۆیەتی، بەڵام لەهەمــان کاتدا وەك تۆ دەیڵێی مافی هونەرمەندێکی دیکە دەخۆی بەوەی بودجە ســەرف ناکرێت بۆئەوەی کاری باش بەرهەم بهێنرێت، چونکە بە ســەرفکردنی بودجــە هونەرمەندان بێ ئیش نابن و بــەردەوام دەبن لەکاری هونەری، ئەوکات من لەو بڕوایەدام هونەرمەنــدان کەم ڕوو لەدۆبلاژ دەکەن، بۆ نموونە من خۆم ئەوەندە لەنوانــدن دوور کەوتبوومەوە بەهــۆی نەبوونی کاری باش و لەبەر حەزم بۆ کاری هونەری و ناچار بوونم، خەریك بوو بەدۆبلاژ ڕازی بم و چەندین جــار داوام لێکرا، چونکە هەر هیچ نەبێ دەمتوانی بەدەنگ بەردەوام بم لەکاری نواندن.

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا زنجیرە دۆبلاژکراوەکان کاریگەرییان لەســەر نەوەی داهاتــوو دەبێت ســەبارەت بەدرامای کوردی، پاڵەوانی زنجیرە درامای ئارەزوو دەڵێ: بێگومان کەم تا زۆر کاریگەری خۆی دەبێت، کاتێك دەبینن ئــەم زنجیرانە لەهەموو کەناڵە تیڤیە کوردییەکان پەخش دەکرێن، دەپرســن ئــەم کارانە چین و بۆچی پەخش دەکرێن؟ هەروها پرســیاری ئەوەیان لا دروســت دەبێــت بۆچی ئێســتا لەنێــو کورددا کاری درامــای دۆبلاژکراو لەدراما کوردییــەکان زیاترە؟ ئەمەش خۆی لەخۆیــدا کارەســاتێکە، هەروەها مافی خۆیانە ئەو پرسیارەش بکەن بۆچی ئەم زنجیــرە دۆبلاژکراوانە لەئاســتێکی وا بەرزدان و بۆچی ئەم هەموو بودجەیەی بۆتەرخان دەکرێت، یان ئایا ئێمەی کــورد ئەکتەری ئاوامان نییە؟ ئیتر ئەم هەموو پرســیارە لەزەینی نەوەی داهاتوودا دروســت دەبێت و نازانێت بۆ کوێیان دەبات، ئــا لێرەوە ئەم نەوەیە گومانــی دەبێت لەخودی هونــەر و هونەرمەندانی کورد، بەڕای من مافی خۆشــیەتی کە بەم جۆرە بیــر بکاتەوە کاتێك تەنیا ئەم زنجیرانە دەبینێت.

سەبارەت بەبوونی ئافرەت لەهونەری کوردی کە ئایا وەك پێویستە نەك لەڕووی ژمارەوە، بەڵکو لەئاســتی کارەکان، نەرمین کاوانی دەڵێ: دیارە کچ زۆر هاتوونەتــە بوارەکەوە و کاری نواندن ئەنجام دەدەن، بەڵام ناتوانین بڵێین هەموویان هونەرێکی ڕاستەقینە دەکەن و خزمەت بە بوارەکە دەگەیەنــن، نەخێر زۆربەیان کارەکانیان کرچ و کاڵە و پێویســتیان بە خۆ دروســتکردن هەیە، چونکە کاری نواندن ئەوەندە ئاســان نییە، هەر کەسێك وتی جوانی و حەزی بە دەرکەوتن و بوون بە ئەســتێرە بێت نواندن بکات، نەخێر ئەمە بیرکردنەوەیەکــی هەڵەیە، چونکە نواندن زۆر لەوە گەورەترە کە ئاوا سەیری بکەین، نواندن ماندووبوونە، خۆشەویستییە، قوربانیدانە، بۆیە لێرەشــەوە تــکا لــە دەرهێنەرکانمان دەکەم کەسانی پرۆفیشناڵ و بەتوانا دابنێن با دوای ڕووخسار نەکەون، چونکە کارەکانیــان کرچ و کاڵ دەبێت.



# تۆم کروز ئەو پارەیەی چ



گۆڤاری (فۆر بس) کە تایبەتە بەبواری ئابووری و سەروەت و سامانی ناودارانی جیهان، لیستی سالانەی خۆی بلاوکردەوە سەبارەت بەپڕ داهاتترین ئەکتەرەکان لەساڵی ڕابردوو و لەئاستی پیاوان توم کروز پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.

بەپێی گۆڤاری ناوبراو توم کروز لەماوەی ساڵێکدا داهاتەکەی گەیشتۆتە ٧٥ ملیۆن دۆلار بەمەش لەپلەی یەکەم دێت لەپڕ داهاتترین ئەکتەرە پیاوەکان و زۆربەی ئەم داهاتەشی لەبری بەشداری کردنی لەفیلمی (المهمة المستحيله) بووە، لەپلەی دووەمیش هەردوو ئەکتەری ناودار لیۆناردۆ دیکاپریۆ و ئادەم ساندلەر هاتن بەکۆکردنەوەی ٣٧ ملیۆن دۆلار و لەپلەی سێیەمیش دواین جۆنسۆن هات بەکۆکردنەوەی ٣٦

# جووتە پێڵاوێک و جانتایەکی بەیەک دەفتەر کڕی



بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٢٠ ساڵ بەسەر کردنەوەی خانەی (کریستیان لۆبۆتان)ی تایبەت بە بەرهەمهێنانی پێڵاوی گرانبەها ئاهەنگێکی گەورە ساز کرا، کچە هونەرمەندنی لوبنانی مایا دیاب یەکێك بوو لەئامادەبووانی ئەم ئاهەنگە.

مایا تەنیا لەئاهەنگەکە ئامادە نەبوو وەکو میوانێکی ئاسایی، بەڵکو پێڵاوێك و جانتایەکی دەستی گرانبەهای کڕی کە نرخەکەیان گەیشتە ١١٥٠٠ دۆلار، ئەم هەنگاوەی مایاش بووە مایەی سەرنجی ئامادەبووانی ئاهەنگەکە و وەك ڕووداوێك باسیان کرد.

مایا هەر لەئاهەنگەکەدا ئەوەی ڕاگەیاند کە گەڕانەوەی بۆ پێشکەش کردنی بەرنامەی (هیك منغنی) دیار نییە و دووپاتیشی نەکردەوە کە ناگەڕێتەوە، هەروەها ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لەماوەی ڕابردوودا چەندین فیلمی ڕەتکردۆتەوە، چونکە ئەو ڕۆڵانەی پێی سپێردرا بوون هەموویان ڕۆڵی وروژێنەر بوون کە ئەو خۆی تێیدا نەدەدۆزیەوە و هەستی دەکرد کە هیچ ئیزافەیەکی نابێت بۆ سەر کاروانی هونەری خۆی بەتایبەتی لەلایەنی جەماوەرییەوە.



# جەماوەری جۆرج وسوف کەم دەبێتەوە

وا پێدەچێت ڕۆژ بەڕۆژ جۆرج وسوفی گۆرانیبێژی لوبنانی هەوڵ بدات ئاستی جەماوەری خۆی کەم بکاتەوە، ئەویش ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە جەماوەر توڕە دەکەن و دەبنە هۆی ئەوەی لێی دوورکەونەوە. یەکێك لەو کارانەی بەم دواییە جۆرج وسوف ئەنجامیدا و بووە هۆی توڕەبوونی جەماوەر، سەردانی کۆشکی کۆماری سوریا و چاوکەوتنی بوو بە بەشار ئەسەد دوای ئەوەی چەند ڕۆژێکی لەگەڵ دایك و باوکی خۆی بەسەر برد لەشارۆچکەی کەفرون لەناوەڕاستی سوریا.

بەپێی چەند سەرچاوەیەك چاوپێکەوتنی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا و جۆرج وسوف زیاتر لەیەك کاتژمێری خایاند و بەشار ئەسەد هەواڵی تەندروستی وسوفی پرسی، ئەویش لەلایەن خۆیەوە وسوف جارێکی تر پاڵپشتی و پشتگیری خۆی بۆ ئەسەد دووبارە کردەوە، ئەمەش بووە هۆی بێزاری و توڕە بوونی جەماوەرەکەی، شایەنی وتنە لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی گەلی سوریا جۆرج وسوف سروودێکی پێشکەش بە بەشار ئەسەد کرد و ئەوکات ئۆپۆزسیۆنی سوریا و شۆڕشگێڕان ڕەخنەیەکی زۆریان ئاراستەی کرد.

## ...ۆن کۆکردەوە لەیەک ساڵدا

ملیۆن دۆلار، پلەکانی دیکەش بەمشێوەیە بوون:

٤- بن ستیلەر بە ٣٣ ملیۆن دۆلار.
٥- ساشا بارۆن کۆهین بە ٣٠ ملیۆن دۆلار.
٦-جۆنی دیب بە ٣٠ ملیۆن دۆلار.
٧-ویل سمێس بە ٣٠ ملیۆن دۆلار.
٨- مارك واهلبێرج بە ٢٧ ملیۆن دۆلار
٩- تایلور لاوتنر بە ٢٦,٥ ملیۆن دۆلار.
١٠- ڕۆبێرت باتیسون بە ٢٦,٥ ملیۆن دۆلار.

## دیانا حەداد عاشقی تایکواندۆ و ڕیال مەدریدە

لەچوارچێوەی دیمانەیەکی لەگەڵ بەرنامەی (صدى الملاعب) خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی دیانا حەداد ئاشکرای کرد هەر کاتێك دەرفەتی هەبێت، ئەوا تەنیا بەئەنجامدانی یارییە وەرزشیە جۆراوجۆرەکان کاتەکانی بەسەر دەبات.

دیانا دەربارەی ئارەزووەکانی وتی: هەر کاتێك کارم نەبێت و بزانم دەرفەتێکم هەیە، ئەوا بەئەنجامدانی یاری وەرزشی بەسەری دەبەم بەتایبەتی تایکواندۆ و مەلەوانی و ڕاکردن، بەڵام لەنێو ئەمانەش کاتێکی زۆر بۆ تایکواندۆ تەرخان دەکەم، چونکە تا ڕادەی عەشق حەز لەم یارییە دەکەم و هیوادارم کچانیش زیاتر ڕوو لەو وەرزشە بکەن، دەربارەی تۆپی پێش دیانا وتی: من زۆر حەز لەیاریی جوان دەکەم بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت من هاندەری یانەی ڕیال مەدریدم و سەیری هەموو یارییەکانی دەکەم.

لەوەڵامی ئەوەی کە هونەرمەندە و خاوەن هەستێکی ناسك و دەنگێکی پڕ لەهەست و سۆز چۆن حەز لەیارییەکی وەك تایکواندۆ دەکات کە هەمووی توندوتیژییە، دیانا وتی: هیچ نهێنییەك لەئارادا نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە ئارەزووی لەو وەرزشەیە و حەز دەکات تاقیی بکاتەوە.



## ڕیهانا بە ملیۆنەها دۆلاری زەرەر کردووە

ئەستێرەی پۆپی جیهانی ڕیهانا سکاڵایەکی یاسایی دژی ژمێریارەکانی خۆی بەرز کردۆتەوە بۆ دادگا و بەوە تۆمەتباری کردوون کە بوونەتە هۆکاری ئەوەی بەدەیەها ملیۆن دۆلار زەرەر بکات، چونکە شارەزا نین لەکاروباری داراییدا.

پارێزەرانی ڕیهانا ڕایانگەیاند کە کۆمپانیای ژمێریاری (بیرۆدن ئێڵ ئێڵ سی) ٢٢٪ی داهاتەکانی ساڵی ٢٠٠٩ی ڕیهانایان بردووە ئەمەش بڕێکی زۆرە و زیادەڕۆیی زۆری تێدایە، ئەم دیاردەیەش نوێیە لەجیهانی پیشەسازی مۆسیقا، لەسکاڵانامەکەدا هاتووە ڕیهانا لەساڵی ٢٠٠٥ پشتی بەو ژمێریارانە بەستووە ئەو کات تەمەنی تەنیا ١٦ ساڵ بووە، لەم ماوەی ٥ ساڵی دواتر کە ڕیهانا ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد لەجیهانی مۆسیقا، ژمێریارەکانیش وێنەیەکی ڕوونی حیساباتە داراییەکانیان پێشکەش بەڕیهانا نەکردووە، لەهەمان کاتدا ئامۆژگاریشیان نەکردوو چۆن مامەڵە بکات لەکاتێکدا ئەمە کاری سەرەکی خۆیانە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بەبڕی دەیەها ملیۆن دۆلار زەرەر بکات، بۆیە ئێستا داوای قەرەبوو دەکاتەوە.



دیمانە/ خەلیل بلەیی



## فرمێسک مستەفا:

# باشترە داهاتی فیستیڤاڵەکان لە نۆژەنکردنەوەی هۆڵەکاندا خەرج بکرێت

■ فرمێسك مستەفا لەشاری سلێمانی لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دوا ناوەندی لەوێ تەواو کردووە. کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواوکردووە، یەکێکە لەو ئەکتەرە بەئەزموونانەی شانۆی کوردی کە لەسەرەتای ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردووەوە دەستی داوەتە کاری شانۆیی، لەساڵی ١٩٨٣ بۆ یەکەمجار چووەتە سەرشانۆ بە شانۆگەریی (کەللە سەر) و لەو کاتەوە و تائێستاش خاوەن چەند ئەزموونێکی باشی نواندنی شانۆییە و لەگەڵ چەند دەرهێنەرێکی ناسراوی کورد و عەرەبیشدا چەندین کاری شانۆیی بەرجەستە کردووە. ١٩٨٨ بووەتە مامۆستا لەپەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لەشاری سلێمانی و تائێستاش بێ دابڕان عاشقێکی سەرسەختی شانۆیە و ناتوانێت لێی دابڕێت. لەدیدارێکدا لەگەڵ گوڵان باسی لەچەند پرسێکی تایبەت بەشانۆی کوردی کرد.■



* ئایا فیستیڤاڵەکانی شانۆ ئامانجی خۆیان دەپێکن؟ یان تەنیا فیستیڤاڵ ساز کردنە و هیچی تر؟

- لەزۆر چاوپێکەوتن و ئەو گوتارانەی نووسیومن، جەختم لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە فێستیڤالەکان تەنیا بۆ دروستبوونی کۆمۆنیکاتسیۆنن لەنێوان هونەرمەنداندا و هاندەرێکە بۆ وەبەرهێنانی بەرهەمی شانۆیی. دەنا گەر کاریگەرییان هەبێت لەسەر پێشکەوتنی ڕەوتی شانۆیی من ئەوە نابینم. لەهەموو دنیادا فیستیڤاڵەکان ئامانجێکی تایبەتیان هەیە، هەر بۆیەش بۆنە فیستیڤاڵییەکانیان دەکەنە چەند بەشێکەوە و هەر بەشەش لەپێناوی ئامانجێکی دیاریکراودایە. بەداخەوە لەبەر ئەوەی هێشتا ئێمە لەسەرەتادایین بۆ دروستکردنی ئاڵوگۆڕی کلتوری و ڕۆشنبیری و هونەری لەبەر ئەوە دەمانەوێت ئامانجی دیاریکراومان هەبێت.

لەبارودۆخی ئێستای کوردستاندا لەهۆڵ و تەلارە هونەرییەکان کەموکوڕیەکی وا هەیە، کە پێویستە جارێ پەنا بەرینە بەر ئاوەدانکردنەوە و دروستکردنی هۆڵی شیاو بۆ شانۆکاران، ئەوسا ئەو داهاتەی بۆ فیستیڤاڵەکان تەرخان دەکرێت بخرێتە خزمەت نۆژەنکردنەوەی هۆڵەکان. لەکاتی ئامادەباشی هەر بەرهەمێکی شانۆیی ئێمەی شانۆکار دووچاری زۆرێک لەگرفتی تەکنیکی و ژووری شیاو و ئامادەکراو بۆ ئەکتەران و شوێنی حەوانەوە و حەمام دەبینەوە. هیچ موستەلزەماتێکی وای تێدا نییە کە شیاو بەکاری خۆمان و تەنانەت بینەریشمان بێت. من خۆم کاتێ شانۆکارێک یا بینەرێکی بێگانە سەر دەکات بە هۆڵەکانماندا هەست بەشەرمەزارییەکی گەورە دەکەم، چونکە من ئاگادارم و بینیومە کە هۆڵی شانۆ لەدەرەوەی نیشتمانی مندا چۆنە و لەچ ئاستێکدایە. گەرچی هەرێمی کوردستان و شانۆکارەکانمان پێویستیەکی هاوچەرخانەیان بەتێکەڵ بوون و ئاڵوگۆڕی هەبێت لەڕێگای فیستیڤاڵەکانەوە ئەمەی بۆ برەخسێت. بەڵام هۆڵی گونجاوماڵی شانۆیی هاوچەرخ دەبێت خەمی سەرەکیمان بێت، لەپێش بیرکردنەوە لەگێڕانی فیستیڤاڵ.

* چۆن فیستیڤاڵە شانۆییەکانمان دەگەیەنینە ئاستی جیهانی؟

- بەجیهانگیری کارە هونەرییەکانمان، پێویستی بەپاشخانێک و ئەزموونێکی دەوڵەمەندە لەلایەن ئەو کەسانەی هەڵدەستن بەگێڕانی ئەو



فیستیڤاڵانە. تا ئامانجێکی ڕوونی هەبێت. دەبێت ئەدرەسێکی دیاریکراوی هەبێت، چوارچێوەیەکی ڕوونی هەبێت. بۆ نموونە لێرە لە وڵاتی ئەڵمانیا چەندین فیستیڤاڵ ساڵانە ساز دەدرێت، بەڵام هەریەکە قاڵبێکی خۆی هەیە لەسەر پرەنسیپێکی ڕوون کار دەکەن و کارە بەشداربووەکانیش دەبێت ئەو مەرجەیان تێدا بێت و لەخزمەتی ئامانجی فیستیڤاڵەکەدا بن. دەبێت بەمەرجی تایبەت بەشدار بیت. دوای ئەوە لەو فیستیڤاڵەدا کاری هاوبەش دروست دەبێت. بۆ ئایینده سوودی دەبێت بۆ پرۆسەی ئەو فیستیڤاڵە. بۆیە تەمەنی فیستیڤاڵەکانیان زۆر دەخایەنێت و ساڵانەش پەرەی پێدەدەن.

* ئایا ئێمەی کورد ڕەخنەگری شانۆییمان هەیە و ئەگەر هەیە لەچ ئاستێکدایە؟

- هەندێ ڕەخنەگر بەهرەیەکی سروشتی خۆرسکیان هەیە لەقودرەتی نووسین و دارشتندا، لەبەر ئەوە جورئەتی ئەوەیان هەیە کە خۆیان بدەنە قەدەری ڕەخنەگرتنی شانۆیی. هەندێکیشیان کە ژمارەیان زۆر کەمە ئەکادیمین.

بۆ من گرنگە ڕەخنەگر کەسێکی هزر فراوان و ڕۆشنبیر بێت و زانستییانە کارەکان هەڵبسەنگێنێت، دووربێت لەمەدح و سەنا. هەموو ستایشێکی لەسەر بنەمایەکی زانستییانە بێت و لەخزمەتی کارەکەدا بێت، پێچەوانەکەشی هەمان شت بێت.

وەلێ ڕەخنە زۆر کات لای ئێمە بەپێوەری هاوڕێیەتی و نزیکایەتییە، یا پێوەری حەساسیەت و کینەیە. لەبەر ئەوەیە کەمێکیان دەتوانن زانستیانە یاخود بە ویژدانەوە ڕەخنەکانیان ئاراستەی بەرهەمەکان بکەن و بنەمایەکی ئەکادیمی و مەعریفی بدەنێ. هەر بۆیەش کارە شانۆییەکان بەداخەوە زۆر کەم لەسەر بەرهەمەکانیان دەنووسرێت و شیدەکرێنەوە. کورد نەک هەر لەڕەخنەدا هەژار و لاوازە، بەڵکو هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی شانۆییشان کەمە. تەنانەت لە زانکۆ و پەیمانگا هونەریەکانیش نایخوێنن. یاخود قوتابیان ڕاناهێنن لەسەر چۆنیەتی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بۆ بەرهەمە شانۆییەکان.. لەزانکۆکانی ئەڵمانیا، ڕۆژێک هەیە کە مامۆستا و فێرخوازەکان دەڕۆن بۆ بینینی نمایشێک تا ڕۆژێکی تەواوی بۆ تەرخان دەکەن کە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی نمایشەکەیە، لەلایەن قوتابیان و مامۆستاکەیان.. ئێمە لەکوردستان گەر مامۆستاکە بەرهەمی دەرهێنەرێکی بەدڵ نەبێ، زۆر بەناشرینی و شکاندنەوەیەکی نەیارانەو نا زانستی کارەکە دەشکێنێتەوە، تا فێرخوازەکانی چەواشە بکات. لێناگەڕێت ئەوان بەچاوی خۆیان و دیدگاو ڕادەی ڕۆشنبیریان کارەکە هەڵسەنگێنن و بیبینن. تەنانەت ڕۆژنامەنووسێك کە دێت لەسەر شانۆگەریەکی بەشدرابووت چاوپێکەوتنت لەگەڵ دەکات، هێندە ڕادەی ڕۆشنبیری هونەری و فەرهەنگی کەمە نازانێت چۆن و لەچ پەنجەرەکەیەوە ڕەخنەکانی خۆی یا پرسیارەکانی خۆیت ئاراستە بکات.

* باشە پەیمانگا و کۆلێژەکانی هونەرە جوانەکان چ ئیزافەیەکیان لەسەر شانۆی کوردی هەبووە؟

- بێگومان ئیزافەیان هەیە، گەر زۆر کەمیش بێت، دەتوانێت ساڵانە هەر هیچ نەبێت لەژمارەیەکی زۆر دوو قوتابیش بەرهەم بهێنێت وەک کارو پیشە سەیری هونەرەکەی بکات، ناڵێم زۆرە. بەڵام باشترە لەنەبوونی. من خۆم تێبینیەکی زۆرم هەیە لەسەر پێگەی پەروەردە و پێگەیاندنی فێرخوازانی شانۆ و بەگشتیش لەبواری خوێندنی هونەردا. کە سیستمی خوێندنەکە لەبنەڕەتیدا خەلەلی هەیە، خەلەل لەفێرخوازی شانۆدا نییە، هێندەی لەسیستمەکە دا هەیە. هەربۆیەش ئێمە وادەزانین و زۆر کات دەبینین کاریگەری و جێگا دەستی فێرخوازانی شانۆ و هونەر کەمترە لەوەی کە چاوەڕوان بکرێت لێیان.

* لەشانۆ شتێك هەیە بەناوی نەوەی نوێ و نەوەی کۆن؟

- قۆناغ و سەردەمی نێوان نەوەکان لەشانۆدا وەک مورووی ملوانکەیەکن کە هەر نەوەیەک دێت مورویەک لەو ملوانکەیە زیاد دەکات و لەهۆنینەوەیدا بەشدارە، لەقۆناغەکانی گەشەکردنی شانۆدا بەپێی داخوازی سەدە و کات دەگۆڕێت بەپێی بیرکردنەوە و گەشەسەندنی نەوەکانیش، جۆگەی ڕەوتی شانۆ دەگۆڕێت. تەنیا ئەمە مەسەلەکەیە. گرنگ لێرەدا بابەتێکە کە هەر نەوەیەک دێت مێژووی ئەوی پێش خۆی نەسڕێتەوە، نابێت ئەوە لەیاد بکات کە هەوێنێک هەبووە پێش خۆی بە هەڵەو ڕاستییەکانیانەوە، گرنگ ئەوەیە ئەو لەم کاتەدا چی دەخاتە سەر بزاوتەکە. من خۆم زۆر شانازی بەوەوە دەکەم کە لەگەڵ هەردوو ئەم نەوەیدا کار دەکەم، بۆ من ئەزموونێکی زۆر دروستە و دەشبێت کارکردنەکە بەهەردوو نەوەکە بێ و ئەزموونی هەردووکیان پێداویستییەکیی زەرورە لەشانۆدا.

* خۆت بە دەرهێنەر دەزانی یان ئەکتەر و بۆچی؟

- ئەزموونی من وەک دەرهێنەر، لەدوای ئەوەی لەشاری شتوتگارت کارەکانی خۆم، خۆم کاری دەرهێنانم بۆ دەکردن. لەهەمانکاتیشدا ئەکتەر بووم، بێ لەو ئەزموونی دەرهێنانی شانۆگەری بۆ منداڵان. دەرهێنان چێژی خۆی هەیە، بەڵام نواندن بۆمن ژیان و هەناسەدانمە. کاتێک دەرهێنەرێکی بەتوانا و زیرەکم هەبێت، بێگومان پەنا دەبەمەوە بەر ئەکتەری. نواندن بۆ من وەک قوڕی پەیکەرتاشێکی زانای لێهاتووە کاتێک کە قوڕێک هەڵدەبژێرێت دەزانیت بۆ چ کارێ ئەنجامی بدات و چۆن فیگورەکەی هەڵبژێرێت و وێنەکەی بکات. لەبەر ئەوەی ئەزموونی منیش لەو بوارەدا دەوڵەمەندترە زیاتر خۆم بەئەکتەر دادەنێم و پسپۆری خۆشمە. گەرچی بەبڕوای من دەرهێنەری باش ئەو دەرهێنەرانەن بەئەزموونی نواندندا تێپەڕیوون، بەڵام ئەکتەری باش بووبن. یەکێک لەئەکتەرە بەتواناکانی سینەما، دەبێتە دەرهێنەرێکی بەناو بانگ، لە یاداشتەکەی خۆیدا دەنووسێ، دەرهێنەر دەبێت بەئەزموونی نواندندا تێپەڕی بێت تا بزانێت چۆن و بەچ شێوازێك لەگەڵ ئەکتەرەکاندا مامەڵە بکات و بزانێت چیان گەرەکە و چۆن ڕۆڵەکانیان بەسەردا دابەش بکات.

* چ پێوەرێك هەیە کە بتوانین بڵێین شانۆی کوردی لەبارودۆخێکی باش یان خراپدایە؟

- پێوەرەکان بەجۆر و چۆنیەتی و ڕادەی بەرزی هونەری ئەو کارانەن کە پێشکەش دەکرێن، بە ڕادەی بەرزی مەعریفی شانۆکاران خۆیانن، بەو بینەرەیە کە ڕوو لەهۆڵەکان دەکات، بەو پێڕەو و پرۆگرامە ساڵانەیە کە بەڕێوەبەرایەتی شانۆکان دایدەڕێژن، بەجۆری ئەو بەرنامانەیە کە وەزارەتی ڕۆشنبیری دایدەنێت. بەڕادەی ئەوەیە تاچەند شانۆ لەکوردستاندا توانیوێتی بێتە ناو جەرگەی ژیانەوە، لەپێگەی پێگەیاندن و پەروەردەدا ڕۆڵێ بەرچاوی هەیە. چۆن شانۆ لەکوردستان دەتوانێت ببێتە مینبەرێک بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ گرفتەکانی سەردەمی خۆیدا. دۆزینەوەی زمانی هاوبەش و دیالۆگ بەستن لەگەڵ شانۆکاری شارەکانی تر و خاوەن ئایدیا جیاوازەکان کاتێک بەتەبایی و خۆشەویستیەوە کارەکانی خۆیان بەئەنجام بگەیەنن، کاتێک شانۆ بووە سەکۆی دیالۆگی سەردەم.